# بەرێز سەرۆكی حكومەت كەی دەگەیتە سلێمانی

هیلال ئیبراهیم

ماوەی زیاتر لە چەند مانگێكە ئیعلانی یەككرتنەوەی ئیدارەكانی كوردستان كراوەو لەو ڕووەوە چەند كەسێك وەك وەزیر كاندید كران بۆ پۆستەكانی ئەو حكومەتە و لەو پێناوەشدا دەست بەكار بوون و تاقیكردنەوەی گرنگ لەبەردەم ئەم كابینەیەی حكومەت و حزبەكاندایە كەتاچەندە دەتوانن خەڵكی بەرێوە ببەن و حوكمی خەڵكیان پێدەكرێ گرنگترین مەسەلەیەك لەو پێناوەدا دەست وەرنەدانی حزبە لەكاروبارەكانی حكومەتدا و بێ لایەنی حكومەتە لەهەستان بەكاروبارەكانی.

بەڵام مەسەلەیەك كەدەستی حزب كورت دەكاتەوە لەدەست خستنە ناو كاروبارەكانی حكومەت بەسەر كردنەوەیانە لەلایەن سەرۆكی حكومەتەوە كە بەردەوام سەر لە دام و دەزگاكانی حكومەت بدات و ئاگاداریان بكاتەوە لەو مەسەلانەی كە گرنگن و لەو كێشانەی كە دێتە بەر دەمیان بۆ ئەوەی ئەم كابینەیە ئەزمونی كابینەكانی رابردووی هەرێمی كوردستان دووبارە نەكاتەوە. ئەگەر لەبیرمان بێت ئیدارەكانی رابردوو بوونە رێگە خوش كەر بۆ حزبەكان كە هەم داهات و هەم دەسەڵاتی مەعنەوی حكومەت بەكاربهێنن بۆ خزمەت كردن بەبەرژەوەندی تایبەتی حزبی.

وەك ووتمان ئاگاداربوون و بەسەر كردنەوەی دام و دەزگاكانی حكومەت و گوێگرتن لەخواست و داوای خەڵكی رێگای سەركەوتنی ئەم كابینەیەمان بۆدەستنیشان دەكات. لەوە بترازێ ئەزمونی ئیدارەكردنی پێشوو دووبارە دەبێتەوە، لەو رووەوە بەسەركردنەوەی دامودەزگاكانی حكومەت و خەڵكی لەناوچە جیاجیاكانی كوردستان لەلایەن سەرۆكی حكومەتەوە گرنگە چونكە لەكوردستاندا شتێكی غەریبە هەرێمی كوردستان سەرۆكێكی حكومەتی هەبێ لەوەش گرنگتر ئەوەیە كە لەكوردستاندا هەست كردن بەرامبەر بەبوونی حكومەت لاوازە. هاوڵاتیان هەست ناكەن كە حكومەتێك هەبوە ئەوانی بەڕێوە بردوە. لەراستیدا مەسەلەی هەبوونی حكومەت شعورە، هەست كردنە بەوەی كەحكومەت دەزگاو دامەزرا و دەسەڵاتی مادی و مەعنەوی هەیە كەدەتوانێ هاوڵاتیان بەرێوە ببات و پارێزگاری لەسەلامەتی و كەرامەتیان دەكات بەڵام بەداخەوە لەرابردووداو ئەزموونی ئیدارەكانی رابروو نەك هەر ئەم شعورەیان بۆ خەڵكی دروست نەكرد بەڵكو ئەوەش هەبوو لەنێو برا.

لەكابینەی رابردوودا وەزیرەكان زیاتر بەدوای شتی تایبەتییەوە بوون و خەریكی كۆكردنەوەو زیاتركردنی سەرمایەی مادیان بوون، خۆ گەر ئەم كابینەیەش وەك دوو ئیدارەكەی جاران بێت كە وەزیرەكان پێش ئەوەی داواو خواستی خەڵكیان بخەنە ڕوو، داوا و خواستی زاتی بخەنە ڕوو ئەوا دیسانەوە ئەزموونی گەندەڵی و رۆتین لەهەمان ئەم كابینەیەدا دووبارە دەبێتەوە.

ئێمە بەسەرکردنەوەی سەرۆکی حکومەت لە دام و دەزگاکانی سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە بەگرنگ دەزانین، لەو روەوە گرنگە کە خەڵکەکە هەست بکەن کە حکومەت لەزاخۆوە تا تەوێڵە یەک سەرۆکی هەیەو لەگەڵ هاوکارە وەزیرەکانی دەتوانن خزمەت بکەن بەو ناوچانەی کە خزمەتگوزاریان پێنەگەیشتوە. پشتگیری بگەیەننە ئەوانەی بێ پشتن و دەستی یارمەتی بۆ ئەوانە درێژ بکات کە دەست کورتن.
ئەرکی حکومەت پاوانخوازی و دەسەڵاتخوازی لایەنێکی سیاسی دیاری کراو و ناشیەوێ دەسەڵاتی حزبێك لەڕوی ئیدارەکردنەوە ئەزموون بکات.
واتە یەکێتی یا پارتی بیەوێ لەرێگای حکومەت و دام و دەزگاکانیەوە خۆی تاقی بکاتەوەو دەسەڵاتەکانی ئەزموون بکات بزانێ تاچەندە دەتوانێ حکومی خەڵکی بکات و خاوەنی حکومەت بێ. لەرابردوودا حزبەکان ئەمەیان کرد.
بێگومان بەبێ بەشداری حزبی و حزبەکان حکومەت پێك نایەت لەگەڵ ئەوەدا حزبەکان دەبێت بۆ خزمەتی حکومەتەکەیان بێت نەك بەپێچەوانەوە وەك سالآنی رابردوودا لەشەڕو لەئاشتیدا، لەکۆبونەوەو خەڵاتکردن و پرسەکاندا حکومەت بکرێتە خزمەتکاری حزب.
ئەم وێناکردنە بۆ حزب و حکومەت لەکوردستاندا لەلای خەڵکی جێگیر بووە کە سەرۆکێك نابیننەوە بتوانێ دەسەڵات و وڵات بەرێوە ببات بەبێ پیادەکردنی ستراتیژی حزبەکەی.
بەڵام دەکرێ ئەم ڕوانینە بۆ حکومەت و دەزگاکانی کە پیادەی دەسەڵاتی حزب ناکەن و دەیانەوێ لەخزمەتی خەڵکیا بن پێویستە سەرۆکی حکومەت سەرجەم دامودەزگا و ئیدارەکانی بەسەر بکاتەوەو بگەڕێت بەدوای کێشەکانیداو هەوڵ لەگەڵ چارەسەرکردنیاندا بدات.